زانکۆی سەلاحەدین -هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# (گوندی برایم لەک لە نیوەی دووەمی سەدەی ٢٠دا)

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

## لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی

**پرۆژەی دەرچوونە**

توێژینەوەیەکە پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەشی مێژوو لە کۆلێژی ئاداب کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی مێژوودا

ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی:
**ایمان قیس شیخ الله**

بەسەرپەرشتی:
**م.جوامێر محمد رشید**

**٢٠٢٣-٢٠٢٤**

بسم الله الرحمن الرحيم

وقل رب زدني علما

**سورة طه: ١١٤**

**پێشکەش کردن :**

- ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە  بە دایکی ئازیزم .
- پێشکەشە بە سەرۆکایەتی بەشی مێژوو  مامۆستا بەڕێزەکان.
- خەڵکی گوندی برایم لەک و دانیشوانە بەڕێزەکەی .
- پێشکەشە بە خوێنەران و قوتابیانی خۆشەویست .

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورەو میهرەبان و کە وا هێزو بیرو لەش ساغی و سەلامەتیەکی وای پێداوم کە وا بتوانم ئەو ئەرکە زانستیە بە ئەنجام بگەیەنم .

- سوپاس و رێزو وەفام بۆ دایکی خۆشەویستم کەوا هەمیشە پاڵپشت و پاڵنەرم بوو بۆ گەیشتن بەو ئاستە لە زانست .

- سوپاس و رێز بۆ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە (م. جوامێر محمد ) کەوا یارمەتی دەرم بوو لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانم بە سەرنج و تێبینیەکانی بابەتەکەی دەوڵەمەندترکرد.

- سوپاس بۆ کتێبخانەی کولێژ و ئەو کەسانەی لە چاوپێکەوتنەکان زۆرترین زانیاریان پێبەخشیم و یارمەتی دەرم بوون لە تەواوکردنی توێژینەوەکەم و ئەو هاورێیانەی کەوا بە وشەیەکیش بێت یارمەتی دەر بوون لە بە جێ گەیاندنی ئەرکی ئەم بابەتە زانستیە.

## ناوەرۆک


| بـــابـــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ١-٣ |
| **تەوەرەی یەکەم/ ناو و تایبەتمەندییە جوگرافیەکان** | ٤-٦ |
| باسی یەکەم: ناو و مێژووی دروستبوونی برایم لەک | ٤-٥ |
| باسی دووەم: شوێنی جوگرافی و تۆبۆگرافیای برایم لەک | ٦-٦ |
| **تەوەری دووەم/ برایم لەک لە روداوە سیاسیەکانی کوردستان و سیاسەتی حکومەتی عیراقیدا لە نیوەی دووەمی سەدەی ٢٠دا** | ٧-١٢ |
| باسی یەکەم: روداوە سیاسیەکانی کوردستان و بەشداری دانیشتوانی برایم لەک لە بزاڤی رزگاریخوازیدا. | ٧-٨ |
| باسی دووەم: سیاسەتی حکومەتی عێراقی بەرامبەر بە گوندەکانی کوردستان و کاریگەری لەسەر برایم لەک | ٩-١٢ |
| **تەوەرەی سێیەم/ بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی گوندی برایم لەک** | ١٣-٢١ |
| باسی یەکەم: بارودۆخی ئابوری. | ١٣-١٥ |
| أ-سێکتەری کشتوکاڵ. | ١٣-١٣ |
| ب-سێکتەری ئاژەڵداری. | ١٤-١٤ |
| ج-سێکتەری پیشەگەری . | ١٥-١٥ |
| باسی دووەم: بارودۆخی کۆمەلایەتی گوندی برایم لەک | ١٦-٢١ |
| أ- پێکهاتەی کۆمەلایەتی دانیشتوان و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان. | ١٦-٢٠ |
| ب-بۆنە ئایینی و نیشتمانیەکان. | ٢١-٢١ |
| **ئەنجام** | ٢٢ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ٢٣-٢٥ |
| **پاشکۆ** | ٢٦ |

## پێشەکی :

گوندەکانی کوردستان بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو کاریگەریان کردۆتە سەر تەواوی مێژووی کوردستان و بزوتنەوە ڕزگاری خوازەکەی ، ئەو ڕووداوانەش فراوان و گشتگیر بوون کە تەنها لە ناوچەیەک قەتیس نەمابوونەوە بەڵکو لە گشت ناوچە جیاجیاکان بەشدار بوون لەو پەرەسەندنانە .

گوندی برایم لەک یەکێک بووە لەو گوندە کوردەواریانەی دەشتی هەولێر، کە بەژداری باری ئا بوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی کردووە ، چ لە ڕێگای بەژداری ڕاستەخۆ لە ڕووداوکان بووبێ ، یاخود بەژداری کردن بە شێوازی ڕۆشنبیری و سیاسی ، لە زۆر ڕووداو گۆڕانکاریەکان دا ، خەڵکی جوتیارو نیشتیمانپەروەری برایم لەک جێ پەنجەیان لە بوارەکانی ئابوری کۆمەڵایەتی و سەر مێژووی بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردی لە باشوری کوردستان دا دیارە ، ئەمە وێرایی پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی گوندەکە، کە هەمیشە نمونەی گوندێکی کوردەواری دیاربووە توانیویەتی تا ساڵانێکی زۆر پێگەی کەلتوری و دابونەریتی باوباپیرانی بپارێزێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:** هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ناوی گوندەکە بۆ خوێنەرانی کورد ناڕوونە وکەمتر خراوەتە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی مێژووی، ڕەنگە لای زۆربەی خەڵک ناوەکە نامۆ بێت ، کە ئایا ناوەکەی لە چییەوە هاتووە و کەوتۆتە کام شوێنی کوردستان ؟ ئەمە لە لە کاتێکدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە کە لە ژیانی ئابوری و سیاسی دەشتی هەولێر ، سەرباری ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی هەیبووە کە چی کەمتەرخەمی کراوە و هیچ توێژینەوە یەک یاخود لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی بۆ نەکراوە کە جەختیان لە گرنگی وکاریگەری ئەم گوندە کردبێتەوە، ئەمە. سەرباری ئەوەی توێژینەوە لەسە رگوندی برایم لەک خواستێکی کەسی خۆم بوو کە حەزم کرد لەسەر ئەم گوندە بەدواداچوون بکەم و زانیاری کۆ بکەمەوە، بۆیە دوای ڕاوێژو گفتو گۆ لەگەڵ سەرپەرشتیارم بریارم دا ناو نیشانی توێژنەوەکەم (گوندی برایم لەک ) بێت .

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە :**

لە نووسینی ئەم توێژینەوە هەوڵمانداوە ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی زانستی پەیرەو بکەین کە خۆی لە میتۆدی وەسفیدا دەبینێتەوەو لەپاڵیشیدا وەک سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیاری پشتمان بەئەنجامدانی دیدار و چاوپێکەوتنەکان بەستووە کە لە ڕووی تیۆرییەوە بابەتەکانی توێژینەوەکە زیاتر پشتڕاست دەکاتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەرەو ئەنجام پێکهاتووە ، لە تەوەرەی یەکەم باسمان لە ناو و تایبەتمەندییە جوگرافییەکان کردووە، وە لە تەوەرەی دووەم باسمان لە ڕووداوە سیاسیەکانی کوردستان و سیاسەتی حکومەتی عێراقی لە نیوەی سەدەی بیست کردووە لە تەوەرەی سێیەم باسمان لەبارو دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی گوندی برایم لەک کردووە .

کە تەوەرەی یەکەم پێکهاتووە لە باسی یەکەم ناو و مێژووی دروستبونی گوندی برایم لەک باسی دووەم شوێنی جوگرافی و تۆپۆگرافیای گوندی برایم لەک ، هەروەها تەوەروەی دووەم کە پێکاتووە لە باسی یەکەم ڕووداوە سیاسیەکانی کوردستان و بەژداری دانیشتوانی گوندی برایم لەک لە بزاڤی ڕزگاری خوازیدا ، باسی دووەم سیاسەتی حکومەتی کوردستان بەرامبەر بە گوندەکانی کوردستان کاریگەری لەسەر برایم لەک ، تەوەرەی سێیەم پێکهاتووە لە باسی یەکەم بارودۆخی ئابوری باسی دووەم بارودۆخی کۆمەڵایەتی گوندی برایم لەک کە بارودۆخی ئابوری باس لە سێکتەری کشتوکاڵ سێکتەری ئاژەڵداری سێکتەری پیشە گەری دەکات ، بارودۆخی کۆمەڵایەتی گوندی برایم لەک باس لە پێکاتەی بکۆمەڵایەتی دانیشتوان و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان و بۆنە ئاینی و نیشتیمانیەکان دەکات.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:** بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەکەمان پشتمان بەستوە بە سەرچاوەوی هەمەجۆری وەک: کتێب ، دیدار(چاوپێکەوتن) ، نامەوتێزی زانکۆی ، ویکیپیدیا، بەلام بە پلەی یەکەم پشمان بەستوە بە چاوپێکەوتنەکان ، وە لە گرینگترین ئەو کتێبەیی کە زۆر سودمان لێی وەرگرتووە

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان کتێبی **(فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر)** لە نوسینی ( عەبدوڵڵا غەفورە ) وەکو کتێب کەمتر کتێبمان بەکارهێناوە ئەمەش بەهۆی کەمی زانیاری لەسەر گوندەکە وە لە گرینگترین ئەو چاوپێکەتنانەیی کە زۆر سودم لێ زۆرترین زانیاریان پێداوم و زۆرترین شتیان بیر مابوو چاو پێکەوتن لەگەڵ بەرێز **(سالم اکرم کریم ) ، (شیرین اکرم کریم ) ، (عبدالله رسول )** چونکە لەناو ژیان و ڕووداو کانی گوندی برایم لەک بونیان هەبووە ڕووداوەکانیان بە چاوی خۆیان بینوە .

**گرینگی ئامانجی ئەم توێژینەوە** لەوە دەردەکەوێت کە باس لە چەندین تایبەتمەندی ئەم گوندە کراوە وە گوندی برایم لەک ڕۆڵی گرینگی گێراوە ، لە لایەنی ئابوری و سیاسی و بزاڤی ڕزگاری خوازی خوازی، ڕێبازی نوسینی ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستوە بە یەکێک لە ڕێبازە مێژوویەکان ئەویش گێرانەوەێ ڕووداوەکانە وەکو خۆی و واقیعیانە بابەتەکان باسکراوە .

لە کاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە دووچاری چەندین گرفت و ئاستەنگ بوومەوە ئەویش نەبوونی سەرچاوەی پێویست ، کەمی زانیاری لەسەر گوندەکە کە لەو سەرچاوانەی باسکراوە زۆر بەکەمی باسیان کردووە وە لە دیدارەکانمان زۆربەی ئەو کەسانەی لەو گوندە ژیابوون لە ڕابردوودا لەوێ نەمابوون یاخود وەفاتیان کردبوو ، لەکۆتایدا هەموو توێژینەوەیەک شایەنی هەڵسەنگاندن و ڕەخنە لێ گرتنە .

## تەوەرەی یەکەم :ناو تایبەتمەندییە جوگرافییەکان

### باسی یەکەم: ناو مێژووی دروستبوونی گوندی برایم لەک

برایم لەک یاخود برایمەلەک ناوی گوندێکە دەکەوێتە دەشتی ملکییەی دەڤەری دزەییاتی دەشتی هەولێر. سەر بە شارەدێی قوشتەپەی قەزای ناوەندی هەولێر، زاراوەی برایمەلەک زاراوەیەکی لێکدراوی کوردییە کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە (برایم+ە+لەک) واتە لە (ناوی یەکەم +ئامراز+ناوی دووەم )پێکهاتووەبە گوێرەی ئەو زانیاریانەی ئێمە دەستمان کەوتووە گوندەکە لە ناوی کەسایەتێکەوە هاتووە کە ناوی (برایم ) بووە ،کە سەر بە (عەشیرەتی لەک )بووە . لە دەڤەری دزەییاتی دەشتی هەولێردا بە (ئیبراهیم ) دەڵێن (برایم) یان (برایمە)بۆیە ناوی گوندەکە بە هەردوو شێوەکە (برایم لەک یاخود برایمەلەک )جیاوازی نیە و هەردووکیان بەکاردێت .مێژووی ئاوەدان کردنەوەی برایم لەک دەگەڕێتەوە بۆ نزیبکەی(٢٠٠) ساڵ لەمەوبەر چونکە مێژووی چوونی حکومەتی زەندی بە سەرۆکایەتی (کەریم خانی زەند)لە (١٧٤٩-١٧٥٩)ز هاتنی شا (احمد ئاغای قاجار) بۆنسەر تەختی شاهێتی لە ئێران ، کەسایەتیە بەسەڵاچوەکانی (لەک) دەگێرنەوە دەڵێن: باوو باپیرانمان هاتونەتە دەشتی هەولێرێ (٤)برا بوونە ،یەکێک لەو برایانە ناوی (برایم) بووە، ئەو گوندە بەناوی ئەو کراوەو ناسراوە بە (برایمەلەک) لە دەشتی مرکیەی ناوچەی قوشتەپەی ئاوەدان کردۆتەوە ،ئیدی ئەوانەی لە نەوەکانی ئەو پیاوە بونەوتەوە بە بەرەبابی (برایمی) ناسراون ،برایەکانی دیکەی (جردیس) و (سمایل) و (فرمان) بوون هەریەکەیان بەرەبابێکی زۆری لێکەوتۆتەوە لەو دەشتە پان و پۆرە بڵاوبونەتەوە لە گەندەکانی (جدیدە)، (ئاودەلۆک)(ئەسحابە لەک)(حوشترالووک)(چل هەوێزە) دواتر زەویەکانی گوندی (برایم لەک) بووەتە موڵکی بنەماڵەی (برایم ئاغا) شۆرە سۆری دەشتی دزەییان (برایم لەک )پیاوێکی ئازاو چاو نەترس بووە یەکێک بووە لە رۆڵە هەرە ئازاکانی دەشتی هەولێر . [1]

---

[1] هۆشیار عەبدوڵلا ،ناوی جوگرافی و مێژووی هەندێ لە گوندەکانی هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر،بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم،چاپخانەی گرین گالۆری لوبنان ،٢٠٠٩،ل ٤٥٩، ٤٦٩ .

بۆ چونێکی تر هەیە دەڵێن ژنە ئاغایەک هەبووە لە گوندە ناوی(مەلەک ) بووەو ئاغای گوندەکە بووە دواتر مەلەک برایەکیٔ لە شوێنی خێنی داناوە کە خەڵکی هەر بە (برای مەلەک) ناویان بردووەو ئەم گوندەش هەر بە برای مەلەک ناوبراوەو ناسراوە .[1]

گوندەکە لەرووی کارگێریەوە سەر بە شارەدێی (قوشتەپە)یە لە سنوریٔ قەزای ناوەندی هەولێر ،لە بەڵگە نافەرمیەکانی میریشدا بە (ئیبراهیم لەک یان برایم لەک )ناوی هاتووە بەڵام هەرچی دانیشتوانی گوندەکەیە بە (برایمەلەک)ناوی دەبەن .[2]

[1]چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (سالم اکرم کریم) ،لە دایکبووی ١٩٦٠، خەڵکی برایم لەک ، دانشتووی قوشتەپە، پیشە:خانەنشین ، لە بەرواری٢٠٢٣/١١/٢٠ .

[2]عەبدوڵا غەفور،گوندەکانی باشوری کوردستان لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا_١٩٧٧،بەرگی دووەم ،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠٥،ل٢٤٦.

## باسی دووەم : شوێنی جوگرافی و تۆپۆگرافیای گوندی برایم لەک

برایم لەک یەکێکە لە گوندەکانیسەر بە شارەدێی( قوشتەپە)شارۆچکەی (دەشتی هەولێر_بنەسڵاوەی) پارێزگای هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.[3] ئاقاری لەگەڵ ئاقاری گوندەکانی(گۆسکە_قوچە برباس لەباکوری رۆژهەڵاتی (گوندی قوشتەپەی بچوکە )لە رۆژئاوای گوندی مورتکەشهاب_ناحیەی قوشتەپە) لەسەرێیکە.[4] لە باکوری رۆژهەڵاتی گوندی(قوشتەپەی بچوکە) لەڕۆژئاوای گوندی(گۆسکەیە) لەباکوری گوندی (قوچە بلباسە ).[5] ڕادەی باران بارینی لە نێوان (٤٠٠-٤٥٠)ملم هاوینی وشک و گەرمە زستانی ساردو مامناوەندو باراناوییە. [6]

هێڵی درێژی ئەم گوندە (٤٤.٠٠٠٠) و هێڵی پانی (٣٦.٠٢٨٤) وە رووپێوی (٢٤٣١) دۆنمە ،لەرووی دانیشتوانە خەڵکی ئەم گوندە هەموویان کوردن وە موسڵمانیشن .[5] لەرووی تۆپۆگرافیایەوە ئەم گوندە وا هە ڵکەوتووە دەشتای و تەختەهیچ بەرزایەکی نیە . [7]

---

(١) https://www.kurdipedia.org/Default.aspx?q=٢٠٢٢٠٧١٢٠٩١٥٥٦٤٢٢٥٠٨&lng=١

(٢) هۆشیار عەبدوڵلا ، س.پ،ل٤٥٩ .

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (ئازاد رحمان علی )لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٩ ،دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری میکانیک . پیشە: ئەندازیاری میکانیک ، خەڵکی برایم لەکە لە هەولێر نیشتەجێیە، لە رێکەوتی٢٠٢٣/١٠/٣١.

(٤) پ.د.خەلیل ئیسماعیل،جوگرافیای دێ نشینی،بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر،٢٠١٢،ل١٥٦ .

(٥) چاو پێکەوتن لەگەڵ (حسن رحمان علی) ، لەدایکبووی ١٩٦٢، نیشتەجێی هەولێر، پیشە: شۆفێر ،لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٣١ .

## تەوەرەی دووەم :ڕوداوە سیاسیەکانی کوردستان و سیاسەتی حکومەتی عێراقی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم:

### باسی یەکەم:ڕوداوە سیاسیەکانی کوردستان و بەژداری دانیشتوانی گوندی برایم لەک لە بزاڤی رزگاریخوازیدا

دانیشتوانی گوندی برایم لەک خەڵکێکی نیشتیمانپەروەرو یەکگرتووبوونە لە ناوەخۆدا لە کاتە خۆش و ناخۆشەکاندا یارمەتیدەری یەکتربوون ،ئەمە جگە لەوەی کەسانی نیشتیمانپەروەرو گیانفیدای تێدا بووە کە پێشمەرگایەتیان کردووە رووبەروی دوژمن بوونەتەوە، هەروەها خەلکی ئەم گوندە زۆر یارمەتی پێشمەرگەیان داوە لەساڵانی (١٩٨١-١٩٨٣) کاتێک پێشمەرگە هاتوتە گوندی برایم لەک خەڵکی برایملەک داڵدەی پێشمەرگەیان داوەو شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابینکردن ونانیان پێداون،لەنمونەی ئەم یارمەتی دانەش ئافرەتێکی بە تەمەنی ئەم گوندە بە ناوی خاتوو ئامینە کە دایکی پێشمەرگە (مامۆستا سالم)و (واحید قازیفە) وە هاوسەری (ئەکرەم کۆلە). بووە کە پێشمەرگەی دێرین بووە چەندین جار یارمەتی پێشمەرگەی داوە و بەپێ چۆتە ناوچەکانی هیران و نازەنین و ناوچەی قەڵادزی بۆگەیاندنی پارە و پیتاک و هەندێن پێداویستی بۆ پێشمەرگەکان هەندێ جار بۆ کاری هەواڵگری چووە هەروەها ( مام ئەکرەم) هاوسەری خاتوو(ئامینە) و چاودێریان خستبوە سەر وە چەندین جار دەستگیر کرابوو لەبەر ئەوەی خوالێخۆشبوو پێشمەرگەیەکی ئازاو بەناوبانگ بوو هەروەها ئەم گوندە چەندین پێشمەرگەی تری بوێری تری لێبوو وەک (مام شەریف، ،جمیل ناسراو بە جمیل جەلاد،محمدی حاجی جلال ،حسێن مەلا ،مام رەشیید، برای جمیل جەلاد) ئەمانە پێشمەرگەی ئازاو بوێری ئەم گوندە بوون . [١]

---

[١]چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(عبداللە ڕسوڵ رحمان )، خەڵکی برایم لەک، نیشتەجێی قوشتەپە ،لە دایکبووی ١٩٦٩ پیشە : پارێزەر ، لە ڕێکەوتی٢٠٢٣/١٢/٢٣.

یەکێکی تر لە پێشمەرگە ناودارەکانی (دەشتی هەولێر ) کە خەڵکی گوندی برایم لەک بوو (واحێد قازیفە) بوو کە ناوی (واحێد حسن ) ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە کاتی ڕووبەروبوونەوەی پێشمەرگە لەگەڵ حکومەتی عێراق یەکەم (دەبابەی جەنگی)حکومەتی عێراقی تێکشکێنرا لەیەلان (واحێد حسن)بوو کە بە چەکی قازیفە تێکی شکاند بە هۆی ئەمە ناسرا بە (واحێد قازیفە) کە لەگەڵ بەڕێز (فارس باوە ) لە بەتالیۆنی دەشتی هەولێر بوو. [١]

یەکێکی تر لە پێشمەرگەکانی ئەم گوندە (مامۆستا سالم ئەکرم) بووە ناو براو گەنجێکی خوێن گەرم و ئازا بوو کە ڕۆڵی هەبووە لە بزاڤی ئازادیخوازی ناوبراو جگە لەوەی پێشمەرگە بوو شیعری نەتەوەی نیشتمانی نووسیوە لە ناو گوندەکەی بڵاوی دەکردەوە بۆ بەهێزکردنی هەستی نیشتماپەروەری لە نێو دڵی گەنجان و ڕۆڵەکانی ئەم گوندە وە بە هۆی ئەمە بە مامۆستا سالم ناویان بردووە خەڵکی ئەم گوندە زۆر ڕێزیان لێگرتووە وەک برا گەورە و ڕیش سپی گوندەکە بووە . [٢]

---

[١]چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(شێرزاد رحمان علی)، خەڵکی کۆنی گوندی برایم لەک، دانیشتوی شاری هەولێرە لەدایکبووی١٩٥٨، پیشە: شوفێر ، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٢٣ .

[٢]چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو (سۆزان اکرم کریم )دانیشتوی کۆنی گوندی برایم لەک ، نیشتیجێی قوشتەپە ، لەدایکبووی ١٩٧٠ پیشە: فەرمانبەر، لە بەرواری٢٠٢٣/١٢/٢٣.

## باسی دووەم: سیاسەتی حکومەتی عێراقی بەرامبەر گوندەکانی کوردستان و کاریگەری لەسەر برایم لەک

دوای چەندین پلانی تری بەعسیەکان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لە ( ١٩٦٨/٧/١٧) هەستان بە کودەتایەکی ترو جڵەوی دەسەڵاتیان بەتەواوی گرتە دەست ،لەبەر ئەوەی تازە هاتبونە سەر حکوم بۆ سەرخستنی زیاتری کودەتایە کەیان لەگەڵ کوردا کەوتنە گفتوگۆ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێنەیی کاریان بۆ بەعەرەبکردنی کوردستان دەکرد.[١]

### سیاسەتی حکومەتی عێراقی لەسەردمی بەعس:

حکومەتی بەعس لە پێناو لەناوبردن و قڕکردنی نەتەوەی کورد کەوتە چەسپاندنێ سیاسەتی:

### أ.بەعەرەبکردن

سیاسەتی بە عەرەبکردنی کورد و کوردستان ئامانجێکی دیکەی ڕژێمی بەعس بوو کە هەوڵی گۆرینی دیمۆگرافی خاکی کوردستان و نەتەوەی کوردی دەدا ، چاوی لەوە بوو کە نیشتمانی کورد بکاتە خاکی مێژوویی عەرەب و بەشێکیش لەکورد بە عەرەب لە قەڵەم بدات .[٢] بە عەرەبکردن واتە نیشتە جێکردنی تاک و کۆمەڵی عەرەب لە هەرێمی کوردستان و بنیادنانی شێوێنی نیشتەجێ بوونیان لە خاکی کوردان، حکومەتی بەعس بەپێی پیلانێکی تۆکمەو هەمەلایەن هەوڵیدەدا هەندێ لە ناوچە لە هەرێمی کوردستان دابڕێ و و دانیشتوانەکەی ئاوارە بکات.[٣]

---

[١]غەفورمەخموری،بەعەرەبکردنی کوردستان،بەرگی یەکەم ،چاپی چوارەم،چاپخانەی تاران،٢٠٢٠،ل٥٥ .
[٢]چاوپێکەوتن لەگەڵ (جلال احمد بكر)،لەدایکبوی ١٩٨٩،پیشە: فەرمانبەر، دانیشتووی هەولێرە،لە رێکەوتی٢٠٢٤/٣/٤.
[٣]چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئاراز ئازاد رحمان)لەدایکبوی١٩٩١،پیشە: مامۆستا، دانیشتووی هەولێرلەرێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٤.

**ب.سیاسەتی تێکدان و ڕاگواستنی گوندەکان**

ساڵی ١٩٧٧ رژێمی عێراق کەوتە تێکدانی گوند و شارۆچکە سنورییەکان،لەساڵی ١٩٧٧ەوە کەوتە چۆڵکردن و وێرانکردنی سەرپاکی گوندو شارۆچکە وشارە سەرسنورییەکانی نێوان کیانی سیاسی (عێراق- تورکیا)،(عێراق -سوریا)،(عێراق-ئێران) بە قوڵی ٥–٢٠کم کۆکردنەوەو بەندکردنی خەڵکەکەی لە چەند ئۆردوگایەکی گەمارۆدراوی بن دەستی خۆیان کەوتنە تێکدان و شێواندنی تەبع وتەبیعەت و ئاکاروڕەوشت وکولتورو هەرچی ڕەسەنایەتی هەیە تیایاندا .[١]

**ج. بە بەعسیکردن**

لەپێناو بنبڕکردنی گیانی بەرخودان و کوردایەتی گەلی کوردستان ،دەسەڵاتدارانی عێراق بە زۆرەملێ خەڵکیان دەکردە بەعسی و فریویان دەدا بە هەموو شێوەیەک دامو دەزگا سیخوڕی و سەرکوت کارەکانیان کاربکەن کۆسپ لەبەردەم بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردو گەشە کردنی .[٢]

---

[١]خەفور مەخموری، س.پ،ل٥٨ .

[٢]چاوپێکەوتن لەگەڵ(سمکۆ اکرم کریم)، لەدایکبوی١٩٦٥،پیشە: عقیدە، خەڵکی گوندی برایم لەک ، نیشتەجێی شاری هەولێرە ، لەبەرواری٢٠٢٤/٣/٤ .

لەدوای ساڵی (١٩٧٥)ەوە گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوەبەسێوەکی بەرنامە بۆ دارێژراو کەوتنە بەرپڕۆسەی وێرانکردن و چۆڵکردن و ڕاگواستن.جگە لە پاکتاوی ڕەگەزی(بەعەرەبکردن)کیمیا باران،ئەنفال شەڕی نامرۆڤانە و بەکۆمەڵ کوشتنی کورد کە لە سەرەتادا لە گوندەکانەوە دەستی پێکردو دواتر بەشێوەی (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) هەندێ لە شارو شارۆچکەکانی گرتەوە ئەم پرۆسەیە کاردانە وەیەکی خراپی هەموو بوارەکانی ژیان و ژیاری خەڵکی کوردستان هەبوو.[١]

بێگومان گوندی برایم لەکیش بەدەر نەبوولەم پرۆسەیە وە حکومەتی بەعس لە پێناوی چەسپاندنی ڕەگەزی (بەعەرەب کردن) کۆڵەمێک قوتابخانەی لە گوندو شارۆچکەکانی کوردستان کردەوە کە بۆ گۆرینی زمان و رەگەزی کورد بوو،هەروەها لە گوندی برایم لەکیش قوتابخانەیەکی کردەوە کە خوێندن لەم قوتابخانەیە بە زمانی عربی بوو بە تەمەنەکانی ئەم گوندە دەبوایە بخوێنن بە زمانی عەرەبی بە پیاوان و ئافرەتانیشەوە کە پیلانێکی حکومەتی بەعس بۆ لە ناوبردنی زمانی کوردی کە خەڵکەکەی ناچار دەکرد بەزمانی عربی بخوێنن بێگومان ئەمە لەگەڵ ویست وحەزی خەڵکەکە نەدەگونجا چونکە نەتەوەی کورد زمان وکلتوری خۆیانخۆشدەویست گوندی برایم لەکیش یەکێک بوو گوندانەی کە بەر پرۆسەی وێرانکردن کەوت،حکومەتی بەعس بەردەوام بوو لە تێکدان ووێرانکردنی گوندەکان تا لە بەرواری(٢٤ /١٩٨٧/٤) ئەم پرۆسەیە گوندی برایم لەکیشی گرتەوە کە حکومەتی بەعس بە دڕندانە ترین شێوە کەوتە وێرانکردن تێکدانی ئەم گوندە هەموو خانوەکان و کێڵگەی کوشتوکاڵ و شوێنی ئاژەکان هەرچی لەم گوندە هەبوو وێرانکرا لەلایەن حکومەتەوە،وە خەڵکە کە شی بۆ پاراستی گیانی خۆیان و خێزانەکانیان ئەم گوندەیان بەجێهێشت و لە شوێنی تر نیشتەجێبوون تا

---

[١] نادر ڕۆستی،گوندی کوردی لە گۆران و پیشەدا(گوندی ڕۆست وەک نمونە)، بەرگی یەکەم ،چاپی یەکەم،چاپخانەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠٧،ل١١

تا ئەو کاتەی حکومەتی بەعس ڕوخا هەندێک لە خەڵکی ئەم گوندە هاتنەوە لە دەوروبەری گوندەکە نیشتە جێ بوونەوە دووبارو دەستیان بە ژیان و کاریان کردەوە،بەڵام ئەم پرۆسەیە کە حکومەتی بەعس بەرامبەر بە گەلی کوردو خەڵکی گوندی برایم لەک و گوندەکانی تری هێنا. وەک یادگاریەکی ناخۆش و ترسناک لە دڵ و مێشکیان دا ماوەتەوە هەرگیز لە بیری ناکەن کە بۆتە هۆی تێکدانی یادگاری و بیرەوەریە جوانەکانی شیان کە هەرگیز لە بیرناچێت.[١]

[١]چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو(جیهان اکرم کریم) ،لەدایکبووی ١٩٥٧، خەڵکی گوندی برایم لەک نیشتەجێی هەولێرە ، پیشە: لە گوندی برایم لەک مامۆستا بووە لە ئێستادا خانەنشینە، لە بەرواری ٢٠٢٣/١١/٥.

## تەوەرەی سێیەم:بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی گوندی برایم لەک:
### باسی یەکەم:بارودۆخی ئابوری
### أ.سێکتەری کشتوکاڵ

هەر لە کۆنەوە خەڵکی کوردستان خەریکی کاری کشوکاڵی بوونە گوندی برایم لەک یەکێکە لەو گوندانەی بەهۆی بە پیتی خاکەکەیەوە خەڵکەکەی خەریکی کاری کشتوکاڵی بوونە بەتایبەتی چاندنی گەنم وجۆوداری بێبەرو داری بەبەریشی هەبووە، پیشەی کشتوکاڵی لە سەرەتادا بەشێوەی سەرەتای بوو زیاتر بەهێزی دەست و بازو کاریان دەکرد وەکو دروێنە و چاندن و ئاودان و یان بۆ جوتکردن گامێش و گوێدرێژیان بەکار هێناوە. [1]

گوندی برایم لەک جۆری خاکەکەی تێکەڵ بوو کە ئەمەش لەبار بوو بۆ کشتوکاڵ کردن هەروەها ئەم گوندە جۆگەڵەی ئاوی هەبوو لەگەڵ کارێزی ئاو ئەمەش یارمەتی داون بۆدەستکردن بە کشتوکاڵکردن بە **برنج**.[2]
کارێزی قوشتەپە کە ئاوێکی زۆری هەبووبەناو گوندەکانی تری قوشتەپەو گوندی برایم لەک تێدەپەری کە خەڵکی (**کشتوکاڵ**) شینابیان لەبەر دەکرد . [3]

هەروەها دوو جۆگەڵەی جۆگەڵەی ئاو هەبوو کە یەکێکیان سەرچاوەی لە مورتکەی سەروو ڕادەهات دەهاتە ناو گوندەکەوە کە پێداویستی هەموو گوندەکەی دابیندەکرد لە ئاو،دووەم جۆگەڵە کە کەوتبووە ڕووگەی گوندە کە پێیان دەوت (ماسی دڕە)کە خەڵکی گوندەکە سودیان لێ دەبینی بۆ کشتوکاڵ و ئاودانی دارەکانیان . [4]

لە ساڵی (٢٠١٠) و دواتردا چوندین ئامێری پێشکەوتووی تایبەت بە کشتوکاڵ لەم گوندە بەرچاو دەکەوێ وەک (**گاسن،تراکتۆر،تۆچین، مرەشە،دەراسە**) .[5]

[1]چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (وریا احمد حسن)، خەڵکی گوندی برایم لەک ،لەدایکبوی١٩٧٨،پیشە : جوتیار ،لەرێکەوتی٢٠٢٣/١١/٢٠.

[2]عەبدوڵلا غەفور ،فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر ،بەرگی دووەم ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر،٢٠١٥،ل٧٩.

[3]عباس سلێمان سمایل،مێژووی دەشتی هەولێر ،بەرگی سێیەم،چاپی یەکەم ،چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین هەولێر،٢٠٢٣،ل٤٠.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو(شلێر اکرم کریم) ، خەڵکی گوندی برایم لەک نیشتەجێی دارەتووە لە دایکبووی ١٩٥٢ئافرەتی ماڵەوە،لەرێکەوتی٢٠٢٣/١٠/٣١.

[5]چیمەن عمر عبدالرحمن،جیاوازی شوێنی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی (ڕووەکی)لە ناحیەی قوشتەپە ،ماستەرنامە، بڵاونەکراوە،زانکۆی سەڵاحەدین،(هەولێر_کوردستان) ،٢٠٢١،ل٦٢.

## ب.سێکتەری ئاژەڵداری:

لەرووی سامانی ئاژەڵی کە بەگرینگترین ئەو بەروبومانە دادەنرێت کە کاریگەری لەسەرژیانی مرۆڤ هەیە. هەروەها سامانی ئاژەڵی چەندین بەروبومی تێدا دەست دەکەوێت کەکاریگەری لەسەر ئابوری وڵات هەیە.[١] بۆیە ئاژەڵەکان بە گشتی و چەند جۆرێک لە ئاژەڵی ماڵی لە گوندی برایم لەک ڕاگیراوەو بە خێوکراوە بۆمەبەستی بە دەستکەوتنی بەروبومەکانیان ،چونکە ئاژەڵی ماڵی دەورێکی زۆر گرنگیان لە ژیانی مرۆڤدا هەبووە لە جاران و تەنانەت ئێستاشدا،هەر لەبەرئەوەبووە زۆربەی دانیشتوانی گوندی برایم لەک ئاژەڵیان ڕاگرتووە وەک هەردوو سەرچاوەی دارای و دابینکردنی بەرهەمەکانیان بۆ خواردنی ڕۆژانەیان سودیان لێ وەرتگرتووە ئەمە جگە لەوەی پاشەرۆکەشیان وەک پەین بۆ کشتوکاڵ بەکارهێناوە و بەروبەمە کەشیان ناردووە بۆ بازار.[٢] گوندی برایم لەک لەوەرگای باشی تێدا هەبووە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ هەروەها بەهۆی بوونی ئاو لەگوندی برایم لەک کە دوو جۆگەڵەی ئاوی هەبووە سودیان لێ وەرگرتووە لە بەخێوکرد نی ئاژەڵدا ،ئەو جۆرە ئاژەڵانەی لە گوندی برایم بە مەبەستی بەخێوکردن هەبوونە وەک **(مەڕ،بزن،پەلەوەر، مانگا ،گامێش)**کە لەو کاتەدا کە خەڵکی دێهاتەکان بە کاری ئاژەڵداری خەریک بوون.[٣] گوندی برایم لەک یەکێک بووە لەو گوندانە هەر ماڵو چەند مەڕو بزن یاخود چەند سەر مەڕو بێزنێکیان هەبووە بۆ مەبەستی شیرەمەنی و بەروبومی سپیاتی کاری ئاژەڵداریان کردووە بۆ وەدەست خستنی شوێندا پشتیان پێبەستوە بۆ ئامادەکردنی هەندێک لە بابەتی بەروبومی شیر .[٤]

---

[١]چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(بیلال احمد بکر)، دانیشتووی کۆنی گوندی برایم لەک ،لەدایکبووی ١٩٨٨، پیشەی پێشمەرگەیە،لە رێکەوتی(٢٠٢٣/١١/٥) .

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (شکور احمد حسن)،دانیشتووی گوندی برایم لەک،لەدایکبوی ١٩٧٥،پیشە: ئاژەڵدار ، لەرێکەوتی(٢٠٢٣/١١/٢٣).

[٣]چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو(کوردستان اکرم کریم )دانیشتووی کۆنی گوندی برایم لەک ،لەدایکبوی١٩٥٣ ،ئافرەتی ماڵەوە لەرێکەوتی (٢٠٢٣/١١/٥) .

[٤]چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو(نەجیبە کانبی وسو)،دانیشوی گوندی برایم لەک ،لەدایکبووی ١٩٥٧،پیشە: ئاژەڵدار، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/٢٣) .

## ج. سێکتەری پیشەگەری

دانیشوانی گوندی برایم لەک زۆرینەیان خەریک کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوونە کە پیشەی سەرەکیان بووە لەپاڵ ئەم دوو پیشەیە خەریکی پیشەی تریش بوو وەکو ( **ڕستن وچنین** ) لە ساڵانی حەفتاکاندا هەندێک لە ئافرەتانی گوندی برایم لەک سەرقاڵ بوونە بە کاری ڕستن و چنینەوە ئەم کارەیان بە چەند ئامێرێکی سادە و ئامێرێکی سادەو ساکار ئەنجام داوە ،خاتوو(جواهێر)هاوسەری دووەمی مام اکرم کە پیشەی ڕستنوچنینی ئەنجام داوە وەکو چنینی (مافور_لاکێش_بەرماڵ) کە خەڵک بەرماڵ یاخود مافورو لاکێشیان لەسەرویستی خۆیان ڕەنگ و جۆرەکەیان دیاری دەکردو ئەویش بۆی دروست دەکردن لەبەرامبەردا پارەیان پێدەدا.[١] پیشەیەکی تر کە لە گوندی برایم لەک ئەنجام دراوە ئەویش کرین و فرۆشتنی ئاژەڵ بووە بەتایبەتی ئەوانەی کاری ئاژەڵداریان دەکرد کە ئاژەڵی مانگایان دەکری لە تەمەنێکی بچوکدا دواتر گەورەیان دەکردو قەڵەو دەبوو لەبار دەبوو بۆ سەر بڕین و بە بڕە پارەیەکی زۆر دەیانفرۆشتەوە جگە لەوەش پیشەی (قصاب)ی لەم گوندە کراوە.[٢] پیشەیەکی تر کە زۆرینەی دانیشتوانی گوندی برایم لەک خەریکی بوون بەتایبەت ئاژەڵدارە کان و ئەوانەی خەریکی کشتوکاڵ بوون ئەنجامیان دەدا وەک ناردنە بازاری ئەو بەروبومانەی لەڕێگەی ئاژەڵداریەوە دەستیان دەکەوت وەک ناردنی **(ماست و پەنیرو ڕۆنی کەرە)** کە لە بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان دەستان دەکوت دەیانناردە بازاڕەکانی **(هەولێر-قوشتەپە-پردێ)**هەڵبەتە ئامادەکردنی ئەمبەروبومانە کارێکی قورس بوو بەهۆی نەبوونی ئامێری ساردکەرەوەو کەلوپولێ پێویێست .هەروەها ئەو بەروبومانەی لەرێگەی کشوکاڵەوە دەستیان دەکوت بەهەمان شێوە دەیان بردە بازار بۆ ساغکردنەوەیان.[٣]

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو(شیرین اکرم کریم)،لەدایکبوی ساڵی ١٩٥١خەڵکی برایم لەک ، نیشتەجێی قوشتەپە ئافرەتی ماڵەوەیە ،لەرێکەوتی، ٢٠٢٣/١٢/١.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو (کژاڵ رسوڵ رحمان) ،لە دایکبوی ١٩٩١،ئافرەتی ماڵەوە، نیشتەجێی قوشتەپە ،لەرێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١.

[٣] سالم اکرم کریم،س.پ.

## باسی دووەم : بارودۆخی کۆمەڵایەتی گوندی برایم لەک

### أ. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دانیشتوان و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان

**پێکهاتەی کۆمەڵایەتی:** لەرووی پێکهاتەی کۆمەڵاتیەوە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠_١٩٨٧) چینێ جوتیار بە شێکی زۆری گوندی برایم لەکی پێکهێنابوو، دانیشتوانەکەی لە چەند هۆزو تیرەیەکی جیاوازپێکهاتبوو وەک هۆزی(**گەردی ،لەک،کۆلە ،پیرەبابی،بلباس،نانەکەلی** ) لەرووی نیشتەجێنونەوە ئەم هۆزانە ببونە سێ بەش کە بەشی باکور هۆزی کۆلەکان لێی نیشتەجێ بوون ،بەشی رۆژئاوا هۆزی گەردییەکان لێی نیشتەجێبون بەشی ناوەڕاستیش کە هۆزی جیاواز بە تێکەڵی ژیاون شێوازی خانوەکانیان لە( قوڕ _خشت)دروستکرابوو ژوورەکانیان لە تەنیشت یەکتردروستکرابوون وحەوشەیان نەبووە.[١]شێوازی ژیانیان کەلە (خێزانی گەورە) و ( خێزانی بچوک) پێکهاتبوون وە سەرچاوەی ئاوی گوندی برایم کە دوو جۆگەلە ئاوی پاک بوو لە کارێزی قوشتەپە سەروچاوەی بوو بەناوی گوندی برایم لەک تێدەپەری کە سودێکی زۆری بەخەڵکەکە گەیاندبوو زۆربەی ئیشوکاری رۆژانەیان پێی ئەنجام دەدا جل شتن و قاپ شتن و ئاودانی دارەکانیان و بۆ کاری کشتو کاڵی برنج و جۆرەها کشتوکاڵی تریش بەکاریان هێناوە،هەروەها جۆگەلەکان ماسیان بەناو داهاتووە کە ببوە سەرچاوەی خۆراکی ماڵەکانی نزیک جۆگەلەکان ،بۆ کاری ئاژەڵداریش سودیان لێ وەرگرتووە لە وەرگایان نزیک جۆگەلەکان دروستکردووە . [٢]

---

[١] عبداللە رسوڵ رحمان ، س.پ .
[٢] شلێر اکرم کریم، س.پ .

**دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان:**

کولتوری هەر میلەتێک ڕەنج و بەرهەمەی کۆکراوەی ڕەسەنی ژیانی ڕابردوویەتی . دەکرێت و دەتوانین بڵێین کەلتوری میلەتان ئاوێنەی دیتنی ژیان وژیانی چەندین ساڵەی پشتاوپشتیانە ،بەپێی کات و شوێن و هەلو مەرجەکانی ژیان گۆرانکاری بەسەر کولتوردا دێت و هاتووە ،لەرووی کۆمەڵایەتیەوە گوندی برایم لەک یەکگرتوو بوونە لەکاتە خۆش وناخۆشەکان لای یەکبوونە پشتئ یەکیان بەر نەداوە هەروەها لەگەڵ گوندەکانی سنوری خۆیان تێکەڵاویان هەبووە ،خەڵکێکی میوان دۆست بوونە حەزیان بە میوان و دۆستایەتی هەبووە.[1]

**خێزان:**لەناو خێزاندا ڕێزێکی زۆر هەبووە لەگەڵ خێزان و ئازیزەکانیان بەوەفا بوونە خەمی یەکتریان هەڵ گرتووە ،زۆربەیان لە خێزانی گەورە پێک هاتبوون ،خێزانی گەورەش بریتی بوو لە (دایک،باوک،خوشک برا، داپیرە ،باپیرە ،زۆر ،مام یاخود پور)لەگەڵیان دەژیان.خێزانەکانی گوندی برایم لەک لە کۆندا منداڵ و نەوەی زۆریان خستۆتەوە ،کەمترین ڕێژەی منداڵ لە خێزانێکدا ٤یان ٥ منداڵ بووە وە زۆرترینیش گەیشتۆتە ١٢منداڵ لە خێزانێکدا ،لە ناو خێزاندا کارەکانیان بە هەرەوەزی ئەنجانم داوە و باوک گەورەی ماڵ بووە[1]

**هاوسەرگیری:**نەریتی هاوسەرگیری و ئاهەنگ گێران لە گوندی برایم لەک خێزانی زاوا نزیکەی سێ رۆژ ئاهەنگیان دەگێرا خزمەکانیان لە شوێنی دوورەوە دەهاتن نزیکەی (سێ رۆژ) ئاهەنگیان دەگێراو چەند چەند ئاژەڵێکیان سەر دەبری و چێشتێکی زۆریان دەکردو دابەشی سەر میوانەکانیان دەکرد دوای نان خواردن دەچوونە ماڵی بووک و بوکیان دەهێنا و دەستیان دەکرد بە شای کردن، دواتر شیرینیان دەخوارد هەر کەس دەگەرایەوە ماڵی خۆی. [2]

---

[1]چاوپێکەوتن لەگەڵ (م.پەیمان جوهر رحمان )لەدایکبووی ١٩٨٨، نیشتەجێی شەقڵاوە ،پیشە : مامۆستایە ،لەرێکەتی٢٠٢٣/١/١٢.

[2] شیرین اکرم کریم ،س.پ .

نەریتێکی تری هاوسەرگیری (ژن بە ژن) بوو  کە لەناو کوردەواری ئەم ڕێگایە لە هەموویان باوتر بوو ، دوو بنەماڵە ڕێک دەکەوتن ،هەریەکە کچێکی خۆی بدابایە بە کوری ئەوی تر ، بەڵام گیرو گرفتی زۆر بوو ،چونکە زۆر یەکێکیان هیچ کێشەوگرفتێک نەبوو ئەوی تریان کێشەوگرفتیان هەبووا دەبووە کێشە بۆ لایەنەکەی تر . (١)

لە گوندی برایم لەک (فرە ژنی) باو بووە لە ناو پیاوانی گوندەکە کە ژنێکیان هەبووە دەچوون ژنی سێیەم یان چوارەم و دووە میان هێناو وە پیاو هەبووە زیاتر لە چوار ژنی هەبووە (٢)

**پرسە:** یان (تازیە) لە گوندی برایم  لەک گرنگی پێدراوە لای خەڵکەکە  لە خەمی یەکتر دابوونە بە خەمی خۆیان زانیوە ، لە گوندی  برایم لەک ئەگەر کەسێک مردبا   هەرچی کەسوکاری  مردووەکەیە بە  خزمی دوورو نزیکەوە دەهاتن بە دەم هاوارەوە لەگەڵ خاوەن مردووەکە دەتیان دەکرد بە لێدان و لە خۆدان و شین یان دەگێرا وە دراوسێکان هەموویان دەهاتن بۆ ئێوارە هەر کەسەو چ خواردنێکی هەبا لەگەڵ خۆی دەیهێنا بۆ ئەوە ی نەبن بارگرانی کە پێی دەگوترا (شیوەغەریبە)  بۆخاوەن مردووەکە بۆ رۆژی دووەم  خزمێکی مردووەکە ئەرکی خواردنی پرسەکەی دەگرتە ئەستۆ و چێشتێکی زۆریان بۆ میوانەکان ئامادە دەکرد و  هەر خۆشیان پرسەکەیان بەڕێوە دەبردو بەخێرهاتنی میوانەکانیان دەکردو بەرێ دەکردو بەرێیان دەکردن  دوای سێ رۆژ لەگەڵ خێزانی خاوەن  مردووەکە دەچوونە سەر  گۆری مردووەکەو دوحای خێریان بۆ دەکردوو دڵ نەوای خاوەن مردووەکەیان دەکردوو دواتر ماڵئاوایان دەکرد و دەرۆشتنە ماڵەوە .[٣]

---

[١]عباس نادر قادر ،کەندوێک،بەرگی یەکەم ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی چاپخانە،هەولێر،٢٠٢٢،ل١٤٨.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ (زاریَ محمد علی )، لە دایکبووی ١٩٧٦، ئافرەتی ماڵەوە، دانیشتوی قوشتەپە ، لە رێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ (نیسان ڕسوڵ رحمان) لەدایکبووی ١٩٧٧،ئافرەتی ماڵەوە ، دانیشوی قوشتەپە لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١.

**تەندروستی :** گوندێ برایم لەک وەک هەر گوندێکی تر لە ساڵانی ( شەست و حەفتاکان) نەخۆشخانە و پزیشک نەبووە بۆچارەسەرکردنی نەخۆشەکان ئەمەش بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری ببوە هەروەها بیرو باوەری خەڵکەکە کە بروایان بە خورافیات و چارەسەرە میللیەکان هەبووە نمونە: کاتێک کەسێک زۆر نەخۆش با دەیان برد بۆ ماڵی شێخ یان سەید داوایان دەکرد دوحای بۆ بخوێنی، هەندێ جار نەخۆشیان بردۆتە سەر گۆری کەسێ کە لایان پیرۆز بووە پێیان وتوە (مەرقەد _ سەر چاک) ، وە ئەگەر کەسێک هەلامەتیگرتبا شیریان بۆ گەرم دەکرد لەگەڵ رۆنی گەرم تێکەڵیان دەکردوو دەیاندا بە نەخۆشەکە .[1] وە ئەگەر کەسێک تای هەبووا پەرۆکیان دەخستە سەر نێو چوانی تا تاکەی دادەبەزی ، وە منداڵیک نەخۆش کەوتبا بە رۆن چەوریان دەکرد و پارچە لایلۆنێکیان تێدەئالاند و لە جێگای خەوتنی گەرم دایاندەپۆشت . هەروەها لە گوندی برایم لەک بۆ ترسانی منداڵ چەندین ڕێگای میلیان بەکارهێناوە یەکێک لەو رێگایانە بۆ چارەسەرەی ترسانی منداڵ دەمەو ئێوارە دایکی منداڵەکە ئاگرێکی بچوکی دەکردەوە منداڵەکەی لە باوەش دەگرت بەسەر ئاگرەکە دا دەرۆی بوایان وا بوو بەم شێوە منداڵەکە چاک دەبێتەوە، یان دەیان برد بۆ لای کەسێکی بەتەمەن گازی لە دەستی منداڵەکە دەگرت و منداڵەکە دەگریا و گریانی منداڵەکان بە نیشانەی چاک بوونەوە دادەنا .[2] هەروەها کەسێک دەستی یان قاچی شکابا دەیان برد بۆ لای (بەیتار) ئەویش بە پارچە دارێک یان قامیشێک بە پەرۆیەک لە شوێنەی دەبەست کە ئازاری پێگەشتووە .[3]

---

[1] کوردستان اکرم کریم،س.پ.
[2] شیرین اکرم کریم ،س.پ .
[3] عباس نادر قادر ، کەندوێک ،س.پ ، ل١٧٥.

**یاریەکان :** بێگومان لە کۆندا وەکو وەکو ئەم سەردەمەی ئێستا تێداین ئامێری تەکنەلۆژی  پێشکەوتووی وەک مۆبایل و تەلەفزیۆن نەبووە خەڵکی بیان ویستبا کاتێکی خۆش بەسەر ببەن یارییان دەکردوکاتێکی خۆشیان بەرێدەکرد لە گوندی برایم لەک لە شەوە درێژەکانی زستان یاخود شەوەکانی مانگی ڕەمەزان پیاوەکان لە ماڵێک کۆدەبوونەوە خاوەن ماڵ چای یاخود قوەی پێشکەش دەکردن دواتر یاری (کڵاو کڵاوانێ)یان (سێنی سێنیانێ) یان دەکرد وە ئەگەر کەسێک لەناویان دەنگی خۆش بوا گۆرانی یان حەیرانی بۆ دەگوتن و ئەوانی ترچەپڵیان لێدەدا یاخود (مەتەڵیان ) لە یەک دەپرسی . [1] سەبارەت بەمنداڵەکان کورەکان لە دەرەوە کۆدەبوونەوە یاری (هەلیکو پەلیکانێ)، (هەڵماتێن _کەلایانێ)، (گوریس ڕاکێشان) کە لەنێوان دوو گروپ گوریسەکەیان ڕادەکێش کامە لا بکەوتبا بە حەرز دەدۆران، پشقاقەز(کۆلارە)کە لە کاغە و پوشکە کۆلارە دروست دەکرد داوێکی درێژیان لێ دەبەست لەگەڵ با دەچوو بۆ ئاسمان، سەبارەت بە یاری کچانە یاری (ماڵ ماڵانێ) (مۆری مۆریانێ) (ساپساپانێ)( بوکانێ) (بوکە بەبارانە)کە بوکەڵەکیان لە پەرۆ دروست دەکرد بە دارێک دەیانبەستاو هەر کە باران دەستی پێکردبا کۆمەڵێک منداڵی کچ بەدوای یەک دەرۆشتن گۆرانی (بوکە بە بارانەیان )دەگووت ،هەروەها یاری (پێنج پێنجۆکانێ)، وە هەندێ یاری کە کورەکان بە دەستی خۆیان دروستیان دەکرد وەک (بەردەقانێ ، دار دوولقانێ -دارلاستیک، هەلیکانێ) ، وە (شێرو خەتانێ) کە کە بە پارچە دراوێکی کۆن بوو. [2]

---

[1] نیسان رسوڵ رحمان،س.پ .

[2] کژاڵ ڕسوڵ رحمان،س.پ .

## ب. بۆنە ئایینی و نیشتمانیەکان

بۆنە ئاینیەکان وەکو (جەژنی ڕەمەزان ،جەژنی قوربان ،یادی پێغەمبەر (د.خ) _ مەولود )

**جەژنی ڕەمەزان :** دانیشتوانی گوندی برایم لەک لە ڕەمەزاندا بەرۆژوو بونە شەو هەڵساون بۆ پارشێوکردن ئەگەر کەسێک خەبەری ببایەوە دراوسێکانیشی بانگ دەکرد بۆ پاشێوکردن ، وە دوای ئەوەی لە مانگی ڕەمەزان تەواو دەبوو یەک رۆژی جەژنی ڕەمەزان خۆیان دەگۆری و نوێژی جەژنیان بە کۆمەڵ کردووە سەبارەت بە خواردنی جەژن برنج نەبووە وە تەنها گۆشت لێندراوە.وە دوای نان خواردن کۆمەڵێک پیاوی گوند بەیەکەوە کۆدەبوونەوە ماڵ بە ماڵ دەگەران و جەژنانەیان لەگەڵ دەکردن

**جەژنی قوربان:** جەژنی قوربانیش بە هەمان شێوەی جەژنی ڕەمەزان بووە ، ئەو ماڵانەی ئاژەڵدار بوونایە یاخود باری دارایان باش بوو قوربانیان کردووە.[1]

**مەولود (یادی پێغەمبەر د.خ):** لە گوندەکانێ کوردستان یادی پێغەمبەر (دخ ) کراوەتەوە گوندی برایم لەکیش بە هەمان شێوەی گوندەکانی کوردستان ئەو یادەی کردۆتەوە ، وە ئەو ب کەسەی مەولودی دەکرد دانیشتوانی گوندی بانگێشت دەمرد ئەو کاتە شیرنەمەنی وەکو پاقلاوەو ببسی نەبوو شەکراویان بە سەر میوانەکان دا بەش دەکرد شەکراوەکە بریتی بوو لە مەنجەڵێکی گەورەیان ئاویان دەهێنا بوزیان تێدەکرد لەبەردەم ئە و کەسەیان دادەنا کە مەولودەکەی دەخوێندەوە دواتر بەسەر ئامادەبووان دابەشیان دەکرد.[2]

بۆنە نیشتمانیەکان وەکو **( جەژنی نەورۆز ) :** لە ٢١/ ئاداری هەموو ساڵێک ئەو یادە لە کوردستان دەکرێتەوە لە گوندی برایم لەکیش بەهەمان شێوە خەڵک خۆیان گۆریوە لەگەڵ ئازیزەکانیان کۆبونەتەوە چێشتی کوردەواریان لێناوە هەر لە گۆرەپانی برایم لەک بوونە ، بەڵام هەندێک جار ڕێگریان بۆ دروست بووەو نەیانتوانیەوە بێنە دەرەوە جەژنی نەورۆز بکەن بەهۆی حکومەتی بەعسەوە ڕێگر بوو لە خۆشی کوردەکان . [3]

---

[1] حسن رحمان علی،س.پ.

[2] حمید ڕشاش،ژیانی کوردەواری، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم،چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر،٢٠١١،ل١٥٨

[3] سالم اکرم کریم ،س.پ .

**دەرئەنجام :**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا گە شتین بە چەند دەرئەنجامێک :

١ . ڕاو بۆچونی جیاواز هەیە سەبارەت بەناوی گوندەکە بەڵام بەپێی ڕای پەسەند ناوی گوندی برایم لەک دەگەڕێتەوە بۆ ناوی کەسیاتییەک کە ناوی برایم بووە سەر بە عەشیرەتی لەک بووە کە گوندەکە بەناوی (برایم لەک ) ناسروە .

٢. گوندی برایم لەک یەکێکە لەو گوندە کوردەواریانەی دەشتی هەولێر کە خاوەن پێگەی سیاسی ئابوری کۆمەڵایەتی بووە .

٣. گوندی برایم لەک تاڕادەیەکی باش بۆ خۆ بژێوی پشتی بە تواناکانی خۆی بەستوە بەتایبەتی (کشتوکاڵ و ئاژەڵداری) و چەندین پیشەی تر ، کە کشتوکاڵی گەنم و جۆ چەندی بەروبومی تر وەکو برنج ئەمەش بەسود وەرگرتن بەو سەرچاوە ئاوەی کەبەناو گوندەکەدا تێدەپەری .

٤.خەڵکی گوندی برایم لەک ڕوبەرووی چەندین بارودۆخی سەخت و نا لەبار بۆتەوە بەدەر نەبوە لە گرتن و ئازار دان و ئاوارە کردنیان و ڕووخانی گوند ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خەڵکی گوندی برایم لەک چالاکانە پەیوەندیان هەبووە لەگەڵ حیزبەکانی کوردستان یارمەتی شۆرشیان داوەو پێشمەرگەیان لای خۆیان دالدە داوە .

## لیستی سەرچاوەکان :

### ١-کتێبەکان :

١_ حمید ڕشاش ، ژیانی کوردەواری ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر، ٢٠١١.

٢_ پ.د.خەلیل ئیسماعیل ،جوگرافیای دێ نشینی ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆشبیری ، هەولێر ، ٢٠١٢.

٣_ عەبدوڵلا غەفور ، گوندەکانی باشوری کوردستان لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا _١٩٧٧، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، ،هەولێر، ٢٠٠٥.

٤_ عەبدوڵلا غەفور ، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر، بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، ٢٠١٥.

٥_عباس نادر قادر ، کەندوێک ،بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چاپخانە ، هەولێر،

٦_ عباس سلێمان سمایل ، مێژووی دەشتی هەولێر ، بەرگی سێیەم ، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین ، هەولێر، ٢٠٢٣.

٧_ غەفور مەخموری ، بە عەرەبکردنی کوردستان ، بەرگی یەکەم ، چاپی چوارەم ، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠.

٨_ نادر ڕۆستی ، گوندی کوردی لە گۆڕان و پیشدا (گوندی ڕۆست وەک نمونە ) ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٧.

٩_ هۆشیار عەبدوڵلا ، ناوی جوگرافی و مێژووی هەندێ لە گوندەکانی هەولێر،ئینسکلۆپیدیای هەولێر ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گرین گالۆری ، لوبنان ، ٢٠٠٩.

### ٢- تێزە زانکۆییەکان :

١_چیمەن عمر عبدالرحمن ، جیاوازی شوێنی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی **(ڕووەکی)** لە ناحیەی قوشتەپە،ماستەرنامە، بڵاونەکراوە ، زانکۆی سەڵاحەدین ، هەولێر ، ٢٠٢١.

**٣-چاوپێکەوتنەکان :**

١.چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو (ئاراز ئازاد رحمان ) ، لەدایکبووی ١٩٩١،پێشە: مامۆستا ، دانیشتوی شاری هەولێر، لەڕێکەوتی (٢٠٢٤/٣/٤) .

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ئازاد رحمان علی) ، لە دایکبووی ١٩٥٩، خەڵکی برایم لەک نیشتەجێی هەولێر، پیشە : ئەندازیاری میکانیک، لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٣/١٠/٣١) .

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (بیلال احمد بکر) ، لەدایکبووی ١٩٨٨، خەڵکی برایم لەک نیشتەجێی قوشتەپە ،پیشە : پێشمەرگە ، لەڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/١٥) .

٤.چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو (جیهان اکرم کریم ) ، لەدایکبووی ١٩٥٧، خەڵی برایم لەک ، نیشتەجێی هەولێر ، پیشە : مامۆستا (خانەنشین) ، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/١٥) .

٥.چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (جلال احمد بکر) ، لەدایکبووی ١٩٨٩، پیشە : فەرمانبەر، دانیشتوی شاری هەولێر، لەڕێکەوتی (٢٠٢٤/٣/٤) .

٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ( حسن رحمان علی) ، لەدایکبوی ١٩٦٢، نیشتەجێی هەولێر، پیشە : شوفێر، لەڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٠/٣١) .

٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو ( زاریَ محمد علی) ، لەدایکبوی ١٩٧٦، ئافرەتی ماڵەوە، دانیشتوی قوشتەپە، لەڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٢/١) .

٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ( سالم اکرم کریم ) ، لەدایکبوو ١٩٦٠، خەڵکی برایم لەک نیشتەجێی قوشتەپە ، پیشە: پێشمەرگەی دێرین (خانەنشین) ، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/٢٠) .

٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو ( سۆزان اکرم کریم )، لەدایکبووی ١٩٧٠، خوڵکی برایم لەک نیشتەجێی قوشەتەپە، پیشە: فەرمانبەر، لەڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٢/٢٣) .

١٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ( سمکۆ اکرم کریم ) ، لەدایکبووی ١٩٦٥، پیشە: عقید ، خەڵکی گوندی برایم لەک نیشتەجێی شاری هەولێر، لە ڕێکەوتی( ٢٠٢٤/٣/٤) .

١١. چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو (شیرین اکرم کریم ) ، لەدایکبووی ١٩٥١، خەڵکی برایم لەک نیشتەجێی قوشتەپە ،ئافرەتی ماڵەوە ، لەڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٢/١) .

١٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو (شلێر اکرم کریم ) لەدایکبووی ١٩٥٢، خەڵکی گوندی برایم کەک نیشتەجێی دارەتوو، ئافرەتی ماڵەوە، لەڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٠/٣١) .

١٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (شێرزاد رحمان علی) ، لەدایکبووی ١٩٥٨، خەڵکی گوندی برایم لەک، نیشتەجێی هەولێر، پیشە : شوفێر، لەڕێکەوتی ( ٢٠٢٣/١٢/٢٣) .

١٤. چاپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز( شکور احمد حسن ) لەدایکبووی ١٩٧٥، دانیشتووی گوندی برایم لەک ، پیشە: ئاژەڵدار ، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/٢٣) .

١٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ( عبداللە ڕسول رحمان ) لەدایکبوی ١٩٦٩، خەڵکی برایم لەک دانیشتووی قوشتەپە ، پیشە : پارێزەر ، لەڕێکەوتی ( ٢٠٢٣/١٢/٢٣) .

١٦ . چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو (کوردستان اکرم کریم ) ، لەدایکبووی ١٩٥٣، خەڵکی برایم نیشتەجێی هەولێر، ئافرەتی ماڵەوە ، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/٥) .

١٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو ( کژاڵ رسول رحمان ) لەدایکبووی ١٩٩١ ، دانیشتووی قوشتەپە ، ئافرەتی ماڵەوە، لە ڕێکەوتی(٢٠٢٣/١٢/١) .

١٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو ( نیسان رسوڵ رحمان ) لەدایکبووی ١٩٧٧، دانیشتووی قوشتەپە ، ئافرەتی ماڵەوە ، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٢/١) .

١٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو ( نجیبە کانبی وسو) ، لەدایکبووی ١٩٥٧، دانیشتووی گوندی برایم لەک ، پیشە : ئاژەڵدار، لەڕێکەوتی ( ٢٠٢٣/١١/٢٣) .

٢٠ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (وریا احمد حسن ) ، لەدایکبووی ١٩٧٨، دانیشتووی گوندی برایم لەک ، پیشە : جوتیار ، لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٣/١١/٢٠) .

٢١. چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو(پەیمان جوهر رحمان) ، لەدایکبوی ١٩٨٨، دانیشتووی شەقڵاوە ، پیشە: مامۆستا ، لەڕێکەوتی ( ٢٠٢٣/١/١٢) .

**٤- پێگە ئەلیکترۆنیەکان**

https://www.kurdipedia.org/Default.aspx?q=٢٠٢٢٠٧١٢٠٩١٥٥٦٤٢٢٥٠٨&lng=١

# پاشکۆ

**پاشکۆی ژمارە (١)**




**نەخشەی گوندی برایم لەک**